# ڕاگەیاندنی کۆبونەوەی فراوانی فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی ئێراقی/ سویسرا

دونیا ئاڵوگۆڕی گەورەی بە خۆوە بینیوە. تا دێت، هێرش بۆ سەر ئینسان بە گشتی وپەنابەران بە تایبەتی نائینسانیترو وەحشیانەتر دەبێتەوە،دەسکەوتی لە مێژینەی مرۆڤ وڕەنجوتەقەلای ساڵەهای ساڵی کۆمەڵگەی بەشەری بۆ دابینکردنی ئارامی و خۆشبەختی، بۆ لە ناونەچوونی نرخ وبەها بەرزەکانی مرۆڤ، وە بۆئایندەیەک کە هەمیشە ئارەزوی تاکبەتاکی ئینسان بوە، خەریکە بە یەکجاری بە خەسار ئەچێ ،خودی ئینسان و چارەنوسی کەوتۆتە ژێر پرسیارێکی زۆر جدیەوە، تا ئەو شوێنەی خەریکە جێگایەک نامێنێتەوە مافی ژیانکردنمانی تیادا هەبێ.

دەوڵەتی سویسرا، بۆ بێمافی و هێرش بۆ سەر پەنابەران لە پێشەوەی زۆرێک لە دەوڵەتانی دونیایە،هاتنە سەر دەسەڵاتی باڵی راست، ژیان و چارەنوسی پەنابەرانی هێندەیتر خستۆتە بەردەم مەترسیەوە،لەم نێوەدا پەنابەری ئێراقی بە گشتی و پەنابەری کورد بە تایبەتی  یەکەمین زیانلێکەوتوانی ئەم یاساو سیستەمەی دەوڵەتی سویسران،کار بەشوێنێک گەشتوە لەسەرووی هەموو یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتیەکانەوە لە دژی پەنابەرانی کوردستانی ئێراق وەستاونەتەوە و تازەترین بڕیاریان ناردنەوەی پەنابەرانی ناوچەکانی سلێمانی و هەولێر و   دهۆکە،

فیدراسیۆن وەک هەمیشە لە دژی یاسای ئەم دەوڵەتانەو دیفاع لە پەنابەران لە مەیداندایە،ژیانی هەمیشە بەرەو خراپتروبەرگرتن بە ئایندەی ترسناکتر ڕێکخراوێکی جدی وزیندوو شەڕکەری پێویستە ،بۆ وەستانەوە بەرامبەر ئەم هەلومەرجە تازەیە فیدراسیۆنیش پێویستی بە ئارایشی تازەو خۆڕێکخستنە.

ڕۆژی یەکشەمە 23ی سێپتەمبەری2007 لە سەر بانگەوازی فیدراسیۆن کۆبونەوەیەکی فراوانی هەڵسوڕاوانی فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی ئێراقی لە شاری زوریخ بە ڕێوە چوو،بەشی یەکەمی کۆبونەوەکە (هەلومەرجی پەنابەران و سیستەمی تازەی دەوڵەتی سویسرا) باسێکبوو کە جەمال کۆشش پێشکەشی کرد،ئەو لە باسەکەیدا ئاماژەی بەوهەلومەرجە سەختە کرد کە پەنابەرانی تیادا ڕاگیراوە و باسی لەو هەڕەشانە کرد کە ژیانی پەنابەرانی خستۆتە بە ردەم مەترسی جدیەوە،وە هەروەها یاسای پەنابەری دەوڵەتی سویسراو ئەو بڕیارە تازەیەی کە لە مانگی 5ی ئەمساڵدا دەرکراو کوردستانی ئێراق بە ئارام دادەنێو پەنابەرانی دەبێ بگەڕێنەوە، تاووتوێ کرد، بەشی دووهەمی کۆبونەوەکە چۆنیەتی ڕوبەڕوبونەوەو خۆڕێکخستنی فیدراسیۆن بوو کە سەرجەم هاڵسوڕاوان بەشداریان تیادا کردولەوێدا بڕیاردرا کە کەمپینێکی گەورەو فراوان و کاریگەر بە ڕێبخرێ،

دوابەشی کۆبونەوەکە ئارایشی تازەی فیدراسیۆن بوو، بۆ ئەم مەبەستە سکرتاریەتێکی تازە   لە(ئەنوەر عەبدوڵا، ئەحمەد عەلی. ئومێد جەبار، فازل عوسمان، جەمال کۆشش ،جەبار موحەمەد، موحەمەد عەبدولکەریم، ، کازم قادر، پەیمان کەریم ،شەهاب سالم)پێکهات.دوای ئەوەش سکرتاریەت (ئەحمەد عەلی )بە سکرتێری فیدراسیۆن هەڵبژاردو نوێنەری بەشێک لە شاروکانتۆنەکان دەستنیشانکران کە بریتین لە:     ،

زوریخ/موحەمەد عەبولکەریم و حیسام عەلی

بێرن/شەهاب سالم

سەنتگالن/فازل عوسمان

خور/ناسیح ئەحمەد ودانا عوسمان

توون/کازم قادر

ناوشاتێل/جەبار موحەمەد

زیۆن/ڕێبوار ئەحمەد
ئاراو/ئەنوەر مەحمود عەبدوڵا

وەبڕیارە لە ئایندەیەکی نزیکدا نوێنەری شارەکانیتریش دیاریبکرێن.

فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی ئێراقی/سویسرا

2007/09/25

تکایە بۆ هەر کارو زانیاریەک پەیوەندی بە ئێمەوە بکەن.

ناوو ژمارە تەلەفونی سکرتاریە ت و نوێنەرانی فیدراسیۆن لە سویسرا :

ئەحمەد عەلی سکرتێری فیدراسیۆن 0788532004،
جەمال کۆشش0787557786 \ ئومێد جەبار 0788825589
زوریخ/موحەمەد عەبولکەریم 0786754781
حیسام عەلی0762059372
بێرن/شەهاب سالم0764950577
سەنتگالن/فازل عوسمان0797266974
خور/ناسیح ئەحمەد 0788794566
دانا عوسمان0792670277
توون/کازم قادر0764927349
ناوشاتێل/جەبار موحەمەد0786420560
زیۆن/ڕێبوار ئەحمەد 0765314580
ئاراو/ئەنوەر مەحمود عەبدوڵا
0764147532






evian

